# سەرکەوتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەسەر قایمقامو هێزە قەومیو ئیسلامییەکان لەشارەبان

## گفتوگۆ لەگەڵ ئازاد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەربارەی کێشەو ململانێکانی شارەبان

**ئۆکتۆبەر:** لەماوەی چەند مانگی رابردوودا قەزای شارەبان بووە شانۆی ململانێی نێوان دوو جەبهە، دەستوپێوەندەکانی ئەمەریکا (قایمقامو حیزبە ئیسلامیو قەومیەکانی ناو ئەنجوومەنی شارەوانی) لەلایەکو خەڵکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش لەلایەک. تکایە تۆ وەك ئەوەی ئەم ماوەیە لەنزیکەوە سەرپەرشتی کارەکانی حزبت کردووە لەشارەبان لەپێشدا لەبارەی چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەوە بۆمان بدوێ؟

**ئازاد ئەحمەد:** ئەم ململانییەی کە باستان کرد لەو کاتەوە سەری هەلدا کە ئیعترازو نارەزایەتی خەلکی لە شاری شارەبان لە بەرامبەر فەسادی ئیداری ودزیو تالانو برۆیەك کەلەوی لە لایەن قائیمقام ومەجلسی بلدی شارەبانەوە ئەنجام دەدریو لە لایەکی ترەوە نەبوونو ئەنجام نەدانی هیچ پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری، نەبوونی ئەمنیەت وهەلی کارکردن... لە شارەبان، لە کاتیکدا کە لە لایەن حکومەتەوە بودجەی بۆ دیاری کراوەو لە جیاتی سەرف کردنو ئەنجام دانی پرۆژەی خزمەت گوزاری، دەدزریو باخەلی قائیمقامو ئەندامانی مجلس بلدی پی گەرم وگورتر دەکری، سەری هەلداو حیزبی ئیمەش وەك هەمیشە چووە پشتی ئەم ئیعترازو نارەزایەتیەو بە دەرکردنی بەیانیکی ریکخستنەکانی حیزب لە شارەبانو بەیانیکی هاوری سمیر عادل سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی حیزب لەسەر ئەم مەسەلەیە دەستی پیکردو بە دوای دەرکردنی ئەو بەیانەوە بە واقعی حیزبی ئیمەو خەلکی نارازی کەوتنە بەرەیەكو قائیمقامو مجلس بلدیو حیزبە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکانو حیزبە قەومیە کوردیو عەرەبییەکان کەوتنە بەرەیەکی ترەوە کە ئەم لایەنانە هەموویان پیشتریش شەریك بوون لە دزیو فەسادی ئیداری داو ئەساسەن مجلس بلدی لە نوینەرانی ئەم حیزبو لایەنانە پیك هاتووە.

هەر ئەمەش بوو کە وای کرد ئیمەو خەلکی نارازی شارەبان بە تەواوی بە یەکەوە گریمان خواردو حیزبو هیزە ئیسلامیو قەومیەکانیش بە یەکەوە گرییان خوارد، هەر لایەك لە دژی لایەکەی تر.

**ئۆکتۆبەر:** لەمیانەی ئەم کیشمە کیشەدا، حیزب لە لایەن قائیمقامی شارەبانەوە کەوتە بەر هەرەشەو دەستیان بۆ چەندین شیوازی وەك گرتن، لیدانی مەقەرو هەڕەشەو ئەم جۆرە کارانە برد، ئەم کارو کردەوانەی قائیمقام چەندە کاریگەرییان هەبوو؟ ئایا بەم کارانەیان توانییان سنوورێك بۆ چالاکییەکانی حزب دابنێن یان قڵشتێك لەنێوان حزبو خەڵکدا دروست بکەن؟

**ئازاد ئەحمەد:** قائیمقامو مجلس بلدی وەك پیشەی هەمیشەییان وەختیك لەگەل هەر ئیعترازو نارەزایەتیەك بەرەو روو دەبن لەپیشدا هەول دەدەن بە وەعدو وەعیدی درۆ خەلك هەل بخەلەتینو بەم شیوەیە بیانبنیرنەوە مالەوە، ئەم جارەش وایان کرد بەلام هەم سەرکەوتوو نەبوونو هەم زانیشیان کە حیزبی ئیمە لە پشتی ئەم

حەرەکەیە راوەستاوەو ئالاکەی بە دەست حیزبەوەیە. بۆیە راستەوخۆ کەوتنە دژایەتی حیزبو پیلان گیران لە دژی حیزبی ئیمە، وەلە پیشدا هەرەشەیان لە هاوڕی سالم فرحان مەسولی حیزب لە شارەبان کردو لە ناو قائیمقامیەت پییان راگەیاند کە ئەگەر دەست لەم کارە هەلنەگری ئەوا مەسەلەکە دەکەینە مەسەلەیەکی عەشایەریو دەت کوژین، کە لە لایەن ئەوەوە جوابی خۆیان وەرگرتەوە. بە دوای ئەوەدا بە شیوەیەکی ترسنۆکانەو لە شەودا گوللەیەکیان نابە دەرگای مالی مەسئولی حیزبەوەو چەند رۆژ دواتریش نامەیەکی هەرەشە ئامیزیان لە بەر دەرگای مەقەری حیزب لە شارەبان فری دابوو بۆ 10 کەس لەو هاورییانەی حیزب کە لە بەشی عەسکەری حیزب کار دەکەنو تەهدیدیان کردبوون بە سەر برینیان –کە لە ژمارەی پیشوی ئۆکتۆبەر ئەو نامەیە بلاوکراوەتەوە–.

یەك دوو رۆژ دوای ئەوە لە شەوداو بە شیوەیەکی ترسنۆکانەو لە دوورەوە گوللەیەکی ئار پی جی دەنین بە مەقەڕی حیزبەوە لە شارەبان، کە بەر مەقەڕی حیزب ناکەویو بەر دوکانیکی تەنیشتی مەقەڕ دەکەوی بەلام خۆش بەختانە ناتەقیتەوە، کە هەر لەو کاتەشدا لەلایەن هیزی پاریزگاری لەمەقەڕەوە ئەو شوینەی کە ئار پی جی یەکەی لیوە تەقینراوە بە توندی دەکەویتە بە ریژنە بارانی گوللە، بەلام ئەوان لە بەر ئەوەی کە کارەکەیان بە شیوەیەکی ترسنۆکانە ئەنجام دابوو رایان کرد.

لە لایەکی ترەوە هەر لە سەرەتای کیشەکەدا قائیمقامو مجلس بلدیو نوینەرانی حیزبی دەعوەو مجلسی ئەعلاو حیزبی ئیسلامی عیراقیو یەکیتی وپارتی لە بارەگای قائیمقامیەت کۆبوونەوەیەك دەکەنو لەویدا بریاری داخستنی مەقەڕی حیزب لە شارەبان دەردەن بە بیانووی ئەوەی کە بروای بە دین نیەو گوایە لە لایەن حیزبیشەوە تۆمەتی دزی وفەسادی بەبیٚ بەڵگە دراوەتە پال قائیمقام ومجلس بلدی کە هەر لەو جەلەسەیەشدا لە لایەن نوینەری یەکیتیەوە بە شەهامەتەوە باسی داخستنی مەقەڕی حیزب لە کوردستانو کوشتنی 5 رەفیقی ئیمە دەکری لە سالی 2000 دا.

لە سەر کاریگەری ئەم هەرەشانە لە سەر خەلكو لە سەر حیزب، بە پیچەوانەی ئەوەی کە ئەوان دەیانەویست کەوتەوە، چونکە خودی هەرەشەو گورەشەکانیانو لیدان وتەقە کردن لە مەقەڕی حیزب بوە هۆکاریك بۆ توند تر بوونەوەی وەزعەکە لە سەریان.

لە هەمان ئەو کاتەی کە ئەوان خەریکی ئەم کارانە بوونو ئیمەش وەك حیزب لە کارەکانمانو لە زیاتر فەزح کردنیان بەردەوام بووینو چی لە ئاستی شارەبانو بغدادو باقی شارەکانی تری عیراق، وە چی لە ئاستی دەرەوەی وولاتیش کەمپینیکی بەرفراوانمان دەست پی کردبوو بۆ هەرچی زیاتر ریسوا کردنیان. لیرەدا پیویستە بە تایبەت باسی ئەو کۆبوونەوەیە جەماوەریە بکەم کە لە رۆژی 2004/10/14 لە شارەبان لە بەردەم مەقەڕی حیزب لە لایەن ریکخستنەکانی حیزب لە شارەبان بەستراو لەویدا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلکی شارەبان چەندین ووتە لە لایەن نوینەری حیزبو ریکخراوە جەماوەریەکانو لە لایەن خەلکی بەشداربووەوە پیشکەش کرانو هەر لەویدا وەرەقەیەك پەسەند کرا کە چەند خالی لە خۆ گرتبوو لە هەلوەشاندنەوەی مجلس بلدیو لابردنی قائیمقامو بەستنی کۆنگرەیەك بۆ هەلبژاردنی مجلس بلدیو قائیمقامی تازەو دەرکردنە دەرەوەی دەستەو تاقمە ئیرهابیە ئیسلامیەکانو چەند خالی تر.

وه له لايەكی ترەوه له باری قانوونيەوه توانيمان كه فعلا قائيمقام بخەينه ژێر زەختەوەو به شاهيد وبه بەلگەی ملموس‌و تۆمار كراو له سەر سی دی، هەر چی زياتر تای تەرازووەكه به قازانجی خۆمان قورستر بكەين.
له هەمان كاتدا له باری ئيعلاميەوه له كەناله راديويی‌و فەزاييه عەرەبی‌و عالەميەكانەوەو له ريگای راگەياندنی حيزبەوه هەرچی زياتر فشارمان بۆ دەهينان.
جيا له هەموو ئەوانەش له شاری بەغداد دوای ئەوەی كه ئەو حيزبانەی له شارەبان بڕياری داخستنی مەقەڕی حيزبيان دابوو، له لايەن تەنزيمات وريكخستنەكانی حيزبەوه كەوتنه بەر نەفرەت ونارەزايەتيەكی زۆرەوه وبەر دەرگای مەقەڕەكانيان گيراو هەر لەوی پييان راگەيەنرا كه ئەگەر مەقەڕی حيزب له شارەبان دابخری ئەوا ئيوەش له بەغداد دەبی مەقەڕەكانتان دابخەن.
كه به بروای من هەموو ئەوانه بوونه هۆی ئەوەی كه ئيمه توانيمان وەزعەكه توond تر بكەينەوه له سەريان‌و به جۆريك بوو كه ئەو هيزه ئەمريكيەی كه لەوييه كەوته تحقيق لەگەل قائيمقام‌و رۆژيكی تەواو تحقيقی له گەلدا دەكەن‌و له نەتيجەی ئەوەی كەبەلگەكان له سەری زۆر ئيسپات بوون،ئەوانيش پشتيان خالی كرد.

**ئۆكتۆبەر: ئايا كێشەكه تا ئێستاش هەر بەردەوامه؟ ئەنجامی بەكوێ گەيشت؟**

**ئازاد ئەحمەد:** كيشەكه تائێستا بەردەوامەو له نەتيجەی ئەو فشارانەی كه له سەر قائيمقام دروست بووەو هەرچی زياتر ريسوا بوونی، بەوه گەيشت كه له رۆژی 2004/10/21 قائيمقام خۆی دەشارێتەوەو دەوام ناكات. وه ئيستا له شارەبان مەسەلەی دزی‌و فەسادی ئيداری قائيمقام ومجلس بلدی، بووه به باسی هەموو خەلك.
له لايەكی تريشەوه له باری قانوونيەوه دەعواكان به شاهيدو به بەلگەی مەلموسەوه زۆر چووەته پيشەوەو چاوەروان دەكری لەم چەند رۆژەی داهاتوو حوكمی گرتن وليكۆلينەوه له قائيمقام دەر بچی. كه قائيمقام له چەند رۆژی رابردوودا به دوای ئەوەی رای كرد ووخۆی شاردەوه دەچيته لای ئەمريكيەكان‌و داوايان لی دەكات كه بی پاريزن بەلام داواكەی رەفز دەكری.
ئاخر شت ئەوه بوو كه له رۆژی 2004/10/23 له كۆبوونەوەی مجلس بلدی به ئامادەبوونی نوينەرانی هەموو حيزبەكان‌و نوينەری ئەمريكيەكان ونوينەری پاريزگاری ديالی ونوينەری حيزبی ئيمەش، قائيمقامی شارەبان له كاتيكدا كه قورگی پر بوو له گريان داوای مۆلەتی 5 رۆژ اجازه دەكات له مجلس بلدی به دليلی ئەوەی كه ناتوانی كاروبارەكان رابپەرينی.

**ئۆكتۆبەر: ئەی ئەنجوومەنی شارەوانی كه شەريكه بەشی قائيمقام بوو، ئەو چی؟**

ئازاد ئەحمەد: له راستيدا مەسەلەكه بۆ مجلس بلدی به جۆريكه كه ئەوانيش ناتوانن به هيچ شيوەيەك ديفاع له قائيمقام وله خويان بكەن، بەلام دەيانەوی بەم شيوەيه هەموو شتەكه له سەری قائيمقام دابشكينن وبلين هەموو شتيك خەتای ئەو بووەو خودی ئەم اجازه وەرگرتنەش سيناريۆيەكه كه له لايەن هەموو شەريكه بەشەكان له دزيدا –قائيمقام ومجلس بلدی‌و حيزبه ئيسلامی وقەوميەكان – داريژراوه وبەم شيوەيه هەم

دەیانەوی کە مەوزوعەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەن‌و هەم وەك وەفایەك بۆ شەریکی دوینیان بەم شیوەیە لە دەستی خەلکی نارازی نەجاتی بدەن.

**ئۆکتۆبەر: هەلویستی حیزب چی‌یە لەم حاڵەدا؟**
**ئازاد ئەحمەد:** ئیمە بە ئاشکرا رامان گەیاندووە کە دەبی قائیمقام‌و مجلس بلدی کۆن نەمینن وهەلوەشینەوە، وە هەموو ئەو مەسولانەی کە لە دزی‌و فەسادی ئیداریدا لە شارەبان بەشدار بوون، وە دەستیان بووە لە لیدان‌و تهدیدی مەسئول‌و مەقەڕی حیزبی ئیمە لە شارەبان دەبی‌محکەمە بکرین‌و سزا بدرین.
وەبۆ هەلبژاردنی قائیمقام‌و مجلس بلدی تازە داوای بەستنی کۆنگرەیەك دەکەین بە بەشداری نوینەرانی حیزبەکان وریکخراوە جەماوەریەکان‌و شخصیاتە عەلمانی ومەدەنی وپیشکەوتن خوازەکان.
ئەمە شتیکە کە هەر لە سەرەتاوە رامان گەیاندووەو ئیستاش دووپاتی دەکەینەوەو تا بەدی هینانی هەموو خواست‌و داواکاریە رەواو بەر حەقەکانی خەلکی شارەبان هەدا نادەین.

**ئۆکتۆبەر: چ بانگەوازیکت هەیە بۆ خەلکی شارەبان؟**
**ئازاد ئەحمەد:** بانگەوازی من بۆ خەلکی شارەبان ئەوەیە کە هەرچی زیاتر بین لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقدا خۆیان ریك بخەن. ئەم حیزبە تاکە حیزبە لە عیراقدا کە شەوو رۆژ دەخاتە سەر یەك لە پیناو دابین کردنی ژیانیکی ئینسانی شایستە بە ئینسان‌و لە پیناو بەدی هینانی ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی دا.
بانگەوازیان دەکەم بۆ وەستانیان لە پشتی حیزب لە پیناو بەدی هینانی هەموو ئەو خواستانەی کە هەیانەو حیزبی ئیمە ئالای بە دەست هینانیانی بە دەستەوە گرتووە.